کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 21:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژووری پێشمەرگە دێرینەکانی (پاڵتاڵک) لەشکستەوە بۆ دارمان! ... پێشمەرگەیەکی چاودێر

هەرچەندە ناو و ناسنامەی پێشمەرگە لە ئێستادا لەدەرنجامی هەڵسوکەوتی گروپێک کە بێبەرین لە سیفەتەکانی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گۆڕانی نێگەتیڤانە کراوە، بەڵام لەمێژووی خەباتی شۆڕشگێرانەی کوردا ئەم کەسایەتیە خۆبەخش وگیان لەسەردەست و ڕەسەنە وەک سومبولی بەدیهێنەری ئازادی نەخش و ڕۆڵی قارەمانێتی وبەرخۆدانی تۆمارکردوە. لەئەمڕۆی بێسەرو بەریدا زۆرن ئەو ڕێکخراو دەزگایانەی بۆ ئەوەی زێدەتر ڕەونەق و ڕەواج پەیدا بکەن وبازاڕی بازرگانیکردنیان گەرم بێت، دێن و ناوی پێشمەرگە وەک پاشگر و نازناو دەلکێنن بە خۆیانەوە ولێرە ولەوێ سنگ دەردەپەڕێنن. هەرچەندە لە واریپراکتیکدا تەواو بەپێچەوانەی سیفەتە سەرەکیەکانی پێشمەرگەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکەدا دەکەن کە ناوی (ئازادی) یە. نموونەیەکی زەق و بەرچاو بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستییە بەڵگەدارە (سەکۆی بەناو ئازادی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانە کە ساڵانێکی زۆر ناوی مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی لە خۆ نابوو) . لێرەدا دەمەوێت ڕۆشنایی بخەمە سەرخاڵێک پێش ئەوەی بڕۆمە ناو گەوهەری باسەکەوە ئەویش ئەوەیە: بە هیچ جۆرێک گومانم لە دڵسۆزی و نیازپاکی بەشێک لە بەشداربوانی ژوورەکە نیە. ئەو بەشە بەرچاو ودیارە لە کۆی ئەو هەڵخلیسکان و پاشکەوتن و هەڵەو کەموکورتیانە بێ بەرین کە ستافی بەڕێوەبەری ژوورەکە وەک چەند کەسایەتیەکی بێ سەلیقەی خۆ بەزلزانی بێ ئەزموون ڕۆژانە دەبارەی دەکەنەوە و پاشانیش تەواوی هەڵە و خواروخێچی لە بەڕێوەبردنی ئەو بە ناو میدیا ئازادەدا بێ شەرمانە دەسوون بە شان و ملی کۆمەڵە کەسانێک کە لەدڵسۆزی بەڵام بە داخەوە هەندێک جاریش لە ناهوشیارییانەوە توندڕەوانە وپشووکورتانە بە ڕاست و چەپ هێرش دەکەنە سەرحیزب و کەسایەتییە ناودارەکان و تەنانەت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە باشوور.

پاش ئەوەی ئەو بروسکەیەم خوێندەوە کە پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی شیوعی کوردستان وەک بابەتێکی ڕەخنەئامێز ئاراستەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانی کردبوو لەمەڕ ناجۆری شێوازی گفتوگۆکردن لەکارەساتی 31 ئاب کە چەند ڕۆژێکە لەسەر هەمان کارەسات بەمیتۆدێکی ناشارستانیی و دوور لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەهەمان کاتدا هەڵسەنگاندنێکی نازانستی کە تەنهابە قسەو جنێوی ناشرینی بازاڕیی بابەتەکەیان گەرم دەکەن. دیارە مەبەستی من لێرەدا بایکۆت کردن یاخوود سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕینی تاک نیە بەرامبەر بە وتووێژ لەسەر هەموو ڕووداوەکانی کوردستان، بەڵکو ئەوەی ئازاربەخش و زیانبەخشە ئەو سیاسەتە دووفاقییە یە کە ستافە لاوازەکەی ژوورەکە پیادەی دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر وبێ بابەت تر و بێ میوان تر وبێ پرنسیپتریان دەکات.

ئەوەی لەمەش ئازاراویتر وزیانبەخشتر بێت ئەوەیە، ئەم ژوورە سەرباری ئەوەی بە بڕیار ومەسرووفاتیی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت ولەوانەیە ئەو ستافەی بۆ ژوورەکەش دانرابێت بە چەند گەلایەک ($100) یک ڕازیکرابن، دەبوو ستافەکەی لە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵەکە پێکبهاتایە کە هەریەکە لە (یەکێتی نیشتمانی و حیزبی شیوعی و حیزبی سۆشیالیست و زەحمەتکێشانی کوردستان) ن.

کەواتە دەبوو بەپێی ئەم پرنسیپە، تەواوی ئەو حیزبانە مافیان هەبوایە لە ناردنی نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریکردن لە داڕشتن و دیاریکردنی سیاسەت وستراتیژیی ژوورەکە و پاشان لە بەڕێوەبردنیشیدا بەهەمان شێوە ئامادەبوونایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی سەیرو سەمەرەیە هەر لەگەڵ دابەزاندنی لینکی ئەو بابەتەی کە پێشمەرگە شیوعیەکە نوسی بووی، بەڕێوەبەری ژوورەکە کەناوی (کوڕی ڕەواندزیە) تووشی هێستریابوو و پڕی کرد بە مایکەکەدا و بە نەڕە نەڕ و زمانێکی ناشرین هێرشی کردە سەر مێژووی حیزبی شیوعی و بە سیخوڕو خائین و داهێنەری جاشایەتی وەسف کردن لە کوردستان دا. ئەمە لەکاتێکدایە ئەم بەڕێزە (کوڕی ڕەواندزی) لەژوورەکەدا بەدەیان جار جەختی لە وەکردۆتەوە کەتا ساڵی 1979 ئەندام و پێشمەرگەی خەباتی سەختی حیزبی شیوعی بووە. باشە گەروابێت چلۆن ڕەوایە کەسێک بەڕێوەبەری ژوورەکە بێت و ساڵانێکی زۆر لە حیزبێک دا کاری کردبێت کە خائین وداهێنەرەی نەریتی جاشایەتی بووبن؟؟ باشەگەر حیزبی شیوعی ئەمە ناسنامەی بێت ئەی چۆن ڕێگەیان پێدراوە بەشداربن لەکۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و چۆن دەبێت ژمارەیەکیان ئەندامی لیژنەی باڵا بن؟ وابەستە بەمەشەوە نکوڵی کردنی بوو کە (لەژوورەکەیدا) !!!!!!! هێرش و سوکایەتی کرابێتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی لەڕۆژی 31 ئاب دا، هەرچەندە ئەم پۆزش هێنانەوەیە زۆر لاوازە چونکە پارتیەکانی ناو (پاڵتاڵک) دەنگی تۆمارکراوی ژوورەکەیان لایە و وەک بەڵگە بڵاویانکردۆتەوە وسەرکردایەتی خۆیانیان لەو سووکایەتییە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وپارتەکەیان ئاگادارکردۆتەوە وداوای بە دواداچوون ولێپرسینەوە دەکەن.

ڕۆژێک پێش 31 ی ئاب لەکاردانەوەیەک دا ئەم بەڕێزە (ڕواندزی) ووتی: هەندێ ماڵپەڕی وەک کوردستان نێت بەبیانووی ناجۆر خۆیان داخستووە تەنها لەبەر ئەوەی نوسین و بابەت لەسەر 31 ئاب بڵاونەکەنەوە، بەڵام ئێمە واتە (ژوورەکەی) ئازایانە بە سێ دۆکۆمێنتی زیندووەوە یادی خیانەتی 31 ئاب دەکەینەوە.

لێرەدا سەیر و سەمەرەترین هەڵوێست ئەوە بوو کە نە خۆی و نە ئەوانەی لەپشتەوە فووی پیادەکەن لە کوونی دەرزیەکیشەوە لەژوورەکەدا نەدەبینران و پێشوەخت مۆڵەتی دووڕۆژیان بۆخۆیان وەرگرتبوو. لەگەڵ ئەم ووروژانەدا کۆمەڵێک کەسانی تر چ بە مایک و چ بە تێکست ناشرینترین هێرشیان کردە سەر بەڕێز مام جەلال و کاک کۆسرەت کە گوایە ئەمانە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە تەسلیم کردنی خەباتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بنەماڵەی بارزانی.

وێنا کردنی ئەم دیمەنە ناشازانە، بەڕێوەچوونی ئەم مشت و مڕانە لە پانتاییەک دا بەرجەستە دەکرێت کە دوو زاراوەی پڕ بەبەهای لکاندوە بەخۆیەوە یەکەم زاراوەی (سەکۆی ئازاد) و دووهەمیش (پێشمەرگە دێرینەکان) کە بەداخەوە ناوەڕۆکی هەردوو چەمکەکە زۆر لەوە مەزنترە بکرێنە ئامڕازێک بۆ لەدەست دانی پەیام و بەها پیرۆزەکانی، لەهەمان کاتیش دا بکرێتە هۆکارێک بۆ خۆبردنە پێش تا لەو پەنایەوە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیانی پێ بکەن لەسەر حسابی ڕەنج و قوربانی پێشمەرگە و شەهیدە سەربەرزەکان.

بۆیە منیش وەک پێشمەرگەیەکی دێرین دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ بروسکەکەی ئەو پێشمەرگە دێرینەی حیزبی شیوعی لەگەڵ دوو پێشنیاردا:

1/ لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان داواکارم یان واز لەخاوەندارێتی ژوورەکە بهێنن تا بۆچوونی ژوورەکە نەبێتە ماڵ لەسەریان.

2/ یان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ستافی ژوورەکەدا بکەن ورەچاوی ماف وقوربانیی وخەباتی لایەنە بەشداربووەکانی ناو کۆمەڵەکە بکرێت کە کوردستانیانە هاوپەیمانن. چونکە بەردەوام بوونی ڕەوتی ژوورەکە بەم شێوازە نادرووست و کرچ وکاڵ ونا شارستانییە نەک تەنها شێواندنی چەمکی ئازادیە کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
3-9-2007 21:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خۆڵقێنەرەکەی ناوی بەرزی پێشمەرگە بووە، بەڵکو سووکایەتییە بە ڕەوتی مێدیای ئازاد لە کوردستان ودەرەوەی وڵات.

ئەمەش لینکی ئەو بروسکەیەیە کە پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی شیوعی کوردستان ئاراستەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانی کردبوو.

http://kurdistannet. info/2007/9-2007/3-9/bruske. pdf

2007-9-3

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.